بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

بە ناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی دەرهێنـــان : ٣
مێژووی دەرهێنـــان: ٢٠٠١/٤/١٢

((بـڕیـــــار))

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (٨)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ماددەی (٩٤)ی پێڕۆی ناوخۆ ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ــ عێراق و ، لە سەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجومەن ، ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٤/١١) یـــدا بڕیـاری دەرهێنـانی ئـەم هەموارکردنەی خوارەوەی‌دا :

چـوارەمین هەمـوارکـردنی پێڕۆی ناوخـۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق

ماددەی یەکەم :

مـاددەی (٣٨)ی پێـڕۆی نـاوخۆی ئەنجومـەن هـەموار دەکـرێ و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن ئەمانە دەبن :

١. لیژنەی کاروباری یاسایی .
٢. لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری .
٣. لیژنەی کاروباری ناوخۆ .
٤. لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری .
٥. لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی باڵا .
٦. لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٧. لیژنەی پێوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری.
٨. لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی .
٩. لیژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن .
١٠. لیژنەی پیشەسازی و وزە و کانزاکان .
١١. لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١٢. لیژنەی مافی مرۆڤ .
١٣. لیژنەی ئیش و کارو ئاوەدانکردنەوە .
١٤. لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت .

ماددەی دووەم :

بڕگە (٣)ی ماددەی (٣٩) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە .

((لیژنە هەمیشەییەکان لە ژمارەیێ پێک دەهێنرێن لە پێنج ئەندام کەمتر نەبن و ، هەر لیژنەییەکیش سەرۆکێک و نوێنەری سەرۆک و مقررێک لە نێوان ئەندامەکانیدا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ)).

ماددی سێیەم :

ئەم هەموارکردنە لە رۆژی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێ و لە (وەقایعی کوردستان) دا بلاودەکرێتەوە .

د . ڕۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق